## کوردستانێکی ئازاد گەلێکی بەختیار

# پرۆژەی بەرنامە

گەلی کوردمان لەکوردستاندا بەدرێژایی چەندین سەدە دوچاری داگیرکردنو پێشێلکردنی مافی نەتەوایەتی رەوای خۆی بووە چ بەدەستی ولاتانی بالادەستی ناوچەکەو لەژێر ناو بیانوو پەردەی جۆر بەجۆرو جیاوازدا یان بەدەستی ولاتانی بالا بەدەستی ئیمپریالیستییەوە بەتایبەتی لەسالانی یەکەمی سەدەی بیستەمدا..

لەپاش جەنگی جیهانی یەکەم واتە دوای ١٩١٨ بێ گوێدانە مافی کوردو خواستە رەواکانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان سەرەڕای دەنگی بێزاری لەهەموو کوردستاندا بڕیاری دابەشکردنێکی نوێی کوردستانیان داو ئەم بەشەی واتە بەشی باشور بەنا بەدلی گەلی کوردستان لکێنرا بەدەولەتی تازە دامەزراوی عێراقەوەو ئەو ئەزمونەی لەکوردستانی باشوردا سەریهەلدابوو بەسەرۆکایەتی شێخ مەحمودی نەمر بەئاگرو ئاسن لەخوێن هەلکێشراو جارێکیتر گەلی کورد بەتایبەتیو کوردستان بەگشتی خرانەوە ژێر رکێفی دەستەلاتێکی نامۆی ناڕەوا..و بەو هۆیەوە توشی دەهاو بگرە سەدەها شالاوی قەلاچۆو نەخشەی نەهێشتنی ئەسەواری نەتەوایەتی بوو نەك هەر لەو ناوچانەی لەلێواری سنوری رۆژئاوای کوردستانو نزیکن لەناوچە عەرەبیەکانی یان تێکەلاوی ئەتنیکی تیادایە بەلکو لەجەرگەی کوردستانداو هەرچی سیاسەتی زەبرو زەنگو فێلکاری هەمەجۆر هەیە بەکارهێنراو بەوەشەوە نەوەستان شارو شارۆچکەو گوندەکانیشیان لەسەرتاسەری کوردستاندا دایە بەرچەکی کیمیاوی قڕکەر.

پاش راپەرینە مێژوییە مەزنەکەی گەلی کوردمان لەبەهاری ١٩٩١دا گەلی کوردستان بەگشتی گەیشتە دۆخێکی نوێی.. بۆ یەکەمجار گەل هەناسەی ئازادی هەلمژیو دەروازەیەکی نوێ لەکاروانی خەباتی دیموکراسی کرایەوە بەبەرزبونەوەی بۆ ئاستێکی نوێی ئەوتۆ گەر بهاتایە توانا زاتییەکان باشترو بەکارامانەتر بخرانایەتە گەڕ ئەوا زەمینەیەکی پتەو پەیدا دەبوو بۆ گەیشتن بەو ڕادە دیموکراتیەی یارمەتیدەر بێ بۆ هێنانەدی مافی چارەنوسی گەلەکەمانو بگەینە ئەو ئاستە مێژوییەی لێهاتووبین هەم بۆ دابینکردنی ئازادی رەهاو گەشەکردنی ئابوریو کۆمەلایەتیو هەم بەشداربوون شان بەشانی گەلانی تری جیهان بۆ پێشخستنو دەولەمەندکردنی شارستانیەتی مرۆڤایەتیو داڕشتنی ئەو بنچینە مێژوییەی کارئاسان دەکات بۆ زەمینەی هینانەدی بەکردەوەی دروشمی مێژویی شیوعیەکانو هەموو بزوتنەوەی کرێکارانو رەنجدەران، ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن..

حزبمان وەك هەر حزبێکی تری مارکسی–لینینی دەڕوانێتە کێشەو ئەرکە نیشتمانییەکانو لەهەمانکاتیشدا تێدەکۆشێ بۆ هێنانەدی دادپەروەری کۆمەلایەتی بەبەرگریکردن لەمافو داخوازی دیموکراسیانەی کرێکارانو هەموو رەنجدەران.. ئێمە ئەم قۆناغە مێژوییە بەقۆناغی رزگاری نیشتمانی دادەنێینو لێبڕاوانە هەوڵ ئەدەین لەتەك هێزو حزبە سیاسییە نیشتمانیو دیموکراسیو پێشکەوتنخوازەکانی کوردستاندا بۆ دابینکردنی ئەو بنچینانەی مافە نیشتمانیو نەتەوایەتیەکانمان دەهێنێتە دیو ژیانو گوزەرانی جەماوەری بەرفراوانی کوردستان باشتر بکرێت کەبەدرێژایی سالانی پێشوو توشی چەندەها ئاستەنگی ئابوریو کۆمەلایەتی ناهەموار بووەو بۆتە رێگر لەئاست ئەو بنەما پێشکەوتوە ئابورییەی کەبۆ هێنانەدی ئەو سەرخانەی هیواو ئامانجی بنەڕەتی گەلەکەمان پێویستە ..

حزبمان حزبی شیوعی کوردستان–باشور لەکاتێکدا جەخت دەکاتەوە لەو مەترسییانە کەرەنگدانەوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی حکومڕانی ناوچەکەیە دژی خەباتی رەوای دیموکراسی گەلی کوردستان، لەو مەترسییەش کەم ناکاتەوە کەسەرچاوە مشەخۆرو گەندەڵەکان لەناو خودی کوردستاندا پێکی دێنن کەزۆربەی زۆریان ئەو توێژە کۆمەڵایەتیانەن کەبەهیچ شێوەیەك لەپرۆسەی بەرهەمهێندا بەشدارنین و بگرە ریگریشن لەبەردەم پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا.. ئێمە وەکو هەموو پەلێکی سیاسی بزوتنەوەی چینی کارگەران و رەنجدەران.. راشکاوانە رای دەگەیەنین کەئامانج و ویستی مێژوییمان تێکۆشانە بۆ هێنانەدی سۆشیالیزم بەوەی کەئەو بنەماو میکانیزمانە پێکدێنێ بۆ ئازادی مرۆڤ و بەختەوەریی رەهای مرۆڤ.. بەڵام وەك دەستنیشانمان کردوە کەئەم قۆناغەی کوردستانمانی پیادا تێدەپەڕی هێشتا قۆناغی رزگاری نیشتمانیە هەوڵ ئەدەین بۆ بەرینترین هاوکاری لەنێوان هێزە نیشتمانی و دیموکراسی و کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ بەرەو پێشبردنی ئەزمونی گەلی کوردستان ئەویش بەیەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەکەو هەنگاونانی دروست بۆ بناغە دانانی کۆمەڵگەی مەدەنی کەسەرچاوەی پەیداکردنی ئەو بنەماو توانایانەیە کەرێگە خۆشکەرن نەك تەنها بۆ ئەو رادە پێشکەوتوە (رێژەییەی) گەیشتوینێ بەڵکو بۆ ئەو رادە سیاسی و ئابورییەی دابینی دوا رۆژی کوردستانەو لەهەموو داڕینێك و کەنار خستنێك دەیپارێزێ. لەهەمانکاتدا هەنگاوی جیدییانەی دروست بۆ بەشداربون لەو پرۆسە سیاسیانەی گەربێت و بەشێوازی راست و رەوان تێکەڵاوبین و ئاشنای بین ئەو کۆڵەکانە بەرزدەکرێنەوە بۆ بنیاتنانی قانونی رژێمی رامیاری عیلمانیمان بەشێوەیەکی گونجاو لەتەك رەوتی سەردەم و دوور لەوەهم و خەیاڵاتی توێژە کۆنخوازو دواکەوتوەکان کەهەمیشە چاویان لەدواوەیەو هەرگیز توانای خۆ سازدانیان بۆ نوارینە دوا رۆژی پیشکەوتن و گەشەسەندن نییەو هەمیشە هەولی خۆ بەستنەوەو بەیەکگەیشتنەوە ئەدەن لەتەك دوژمنانی کۆن و تازەی گەلەکەماندا..

حزبی شیوعی کوردستان–باشور تیدەکۆشیت بۆ:

١. بریاردانی بەپەلەی ئەو هەنگاوانەی کەلەبەردەم ئاساییکردنەوەی باری کودستاندا دەرگا ئاوالا دەکەن و ریگە لەبەردەم هەلبژاردنیکی نویی پەرلەمان لەسەرتاسەری کوردستاندا لەژیر چاودیری نەتەوەیەکگرتوەکاندا خۆش دەکەن..

٢. بریاردانی دەستوری کوردستان و تیایدا پرنسیپەکانی جیاکردنەوەی دەستەڵاتەکانی یاسادانان و راپەڕاندن و دادوەری بەڕونی دەستنیشان بکرێت و ئازادی رەهای هاوڵاتی کوردستان دەستەبەر بکرێت..

٣. سازدانی پێداویستییەکانی کوردستانی کەرکوك بەتایبەتی و بەشەکانی تری کوردستان لەشەنگارەوە تا خانەقین و بەدەرەو جەسان..

٤. دابینکردنی پێداویستییەکانی پاراستنی مافی نەتەوایەتی و رۆشنبیری کەمەنەتەوایەتی و ئاینییەکانی کوردستان و هەلومەرجی گەشەپێدانیان.

٥. دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ کار، تیایدا مافەکانی کرێکاران دەستەبەربکرێن و ببێتە هۆی دابینکردنی ژیانێکی هاوچەرخی دیموکراسیانەی گونجاو لەتەك گۆڕانکارییەکانی کوردستان و عێراق و جیهاندا و جەخت بکرێت لەسەر مافە سەندیکاییەکان و ئازادی خۆپیشاندان و مانگرتن و ٨سەعات کار بۆ کرێکارانی کەرتی تایبەتی لەڕۆژێکداو کرێی تەواو بۆ رۆژانی هەینی و پشودان و قەدەغەکردنی کاری منداڵان و سنوری کەمترین رادەی کرێ دیاری بکرێت و ئەوە رەچاو بکرێت کەیاسا دەرگا واڵا بکات بۆ بەرزکردنەوەی کرێی کرێکاران لەگەڵ هەر بەرزبونەوەیەکی نرخی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی ژیاندا.

٦. دەرکردنی یاسای کرێ خانوو و بەتەواوی باری ژیانی کرێکاران و رەنجدەران و فەرمانبەرە گچکەکان رەچاو بکرێت.

٧. بڕیار دانی بیمەی کۆمەڵایەتی و تەندروستی بۆ هاوڵاتیانی کوردستان.

٨. دەرکردنی یاسایەکی نوێ بۆ چاککردنی کشتوکاڵ تیایدا مافە رەواکانی جوتیارانی کوردستان دەستەبەربکات وە بناغەی چالاکی هەرەوەزی جۆراوجۆر دابین بکات.

٩. گرنگیدان بەئاسەوارو کەلەپورو پاراستنیان وەك سامانێکی نەتەوەیی.

١٠. رادە دانان بۆ بیرۆکراسیەت و رۆتین لەدەستگاکانی دەوڵەتدا و پاکتاوکردنی دەستگاکانی دەسەڵات لەگەندەڵی.

١١. بوژاندنەوەی باری ئابوری کوردستان و بەرفراوانکردنی چالاکی پیشەسازی و بەستنەوەی بەکشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی خۆراك.

١٢. گرتنە بەری سیاسەتی بازاڕی ئازادی نەخشە کێشراو ریزگرتن لەموڵکیەتی تایبەتی بەمەرجێك لەتەك دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا ناتەبا نەبێت.

١٣. قەدەغەکردنی چالاکی ئابوری مشەخۆری و دانانی سزا بۆی.

١٤. بایەخدان بەچالاکی بانکی لەکوردستاندا ئەویش بە:

أ-دامەزراندنی بانکی ناوەندی کوردستان.

ب-رێگەگرتن و قەدەغەکردنی چالاکی مشەخۆری لەبواری دراودا

ج-هەستانی بانکەکانی کوردستان بەچالاکی دراوی بەتایبەت لەبواری دراوی بێگانەدا.

د-زیادکردنی بانك بەشێوەیەکی گونجاوی ئەوتۆ کەهاوڵاتیان بەئاسانی دەستیان بیگاتێ و لەتوانایاندا هەبێ داواکانی بەزویی جێبەجێ بکات.

هـ-زیادکردنی چالاکی بانکەکان (سلفە پێدان) لەبوارەکانی کشتوکاڵ و بیناسازی و بازرگانی.

١٥. دانانی بودجەی تایبەتی بۆ ئەو ناوچانەی بەرئەنفال کەوتون بۆ گەشەدان بەباری ئابوری بەرهەمهێن بەتایبەتی و گەشەسەندن بەباری شارستانی. هەروا بۆ ئەو ناوچانەی بەر شاڵاوی راگوێزان کەوتنەوەو کردنەوەی قوتابخانەو نەخۆشخانەو پێداویستیەکانی تری ژیانی سەردەم.

١٦. تەرخانکردنی بودجەی نائاسایی بۆ شارەوانیەکانی هەموو شارە گەورەکان بۆ چاکردن و گەشەدان بەباری شارستانی بەتایبەت لەروی رێگاوبان و باخچەو خزمەتگوزارییە شارستانییەکانی کەپەیوەندی هەیە بەچارەسەرکردنی بنەڕەتی کێشەکانی ئاوو کارەباو ئاوەڕۆو کردنەوەی شەقامی تازەو پێویست و رەچاوکردنی ئەو پێشکەوتنەی کەچاوەڕێ دەکرێ ساڵانی داهاتوو بەخۆیانەوە ببینن.

١٧. دانانی باج بەشیوەیەك باری شانی هاوڵاتیان قورس نەکات و هاندەری بیت بۆ چالاکی ئابوری هەمەجۆر.

١٨. بریاردانی یاساو ریسای گونجاو بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ریزگرتنی و سزادانی ئەوانەی پیشیلی دەکەن.

١٩. پاراستنی ژینگەی کوردستان ئەویش بە:

أ-بڕیاردانی یاسای لەبار لەپاڵ راگرتنی کاری نەگەتیڤانەی کارگەکان و چالاکییە پیشەسازییە جۆربەجۆرەکان بۆ سەر ژینگە.

ب-كۆنترۆڵكردنی كێشەی پاشەڕۆكی شارەكان بەشێوەیەكی سەردەم
ج-بڕیاردانی یاسا بۆ پارێزگاریكردنی چەمو ئاوەكان لەپیسیو پارێزگاریكردنی سامانی ئاوی.
د-كرنگی دان بەدارو درەختو گیانلەبەرە كێوییەكان.

٢٠. بایەخدانی تەواو بەهاوینەهەوارەكانو دارشتنی ئەو یاساو رێسایانەی ژینگەی ئەو ناوچانە دەپارێزنو پێشی دەخەن.

٢١. داڕشتنی میكانیزمی گونجاو بۆ پاراستنی فەرمانبەران بەتایبەت لەكاتی بەرزبونەوەی نرخی كەلوپەلو پێداویستییەكانی ژیاندا.

٢٢. بایەخدان بەئافرەتانو گرنیگدان بەرۆڵیان لەكۆمەڵگادا

أ-بڕیاردانی یاسایەكی نوێو شارستانی بۆ باری كەسێتیو دابینكردنی ئازادیو یەكسانی تەواویان لەهەموو بوارەكانی ژیاندا شانبەشانی پیاو.

ب-لابردنی هەر یاسایەك كەكاری نێگەتیڤانە بكاتە سەرمافی ئافرەتو یەكسانی لەتەك پیاودا.
ج-هەوڵدان بۆ پاراستنی سەربەخۆیی رێكخراوەكانی ئافرەتان.

٢٣. بایەخدانی پێویست بەپرۆسەی خوێندن بە:

أ-داڕشتنی سیستەمی گونجاوی سەردەم بۆ پلە جیاجیاكانی خوێندن. بەجۆرێك ئەو زانیاریانەی قوتابی وەریان دەگرێ سود بەخش بنو لەتەك ئەو كارو پیشەیەی لەژیاندا هەڵی دەبژێرێت بگونجێ.

ب-وەرگرتن لەزانكۆو پەیمانگاكان هەر لەقۆناغی داوا ناوەندییەوە پێویستییەكانی بۆ دەستەبەركرابێت.
ج-یارمەتیدانی قوتبیانو دابینكردنی پێداویستییەكانی خوێندنو بەشە ناوخۆییەكان.

د-نوێكردنەوەی پرۆسەی پەروەردە بەجۆرێ یارمەتیدەربێ بۆ دارشتنی پەیوەندییەكی بەرزی پڕ بەها لەنێوان مامۆستاو قوتابی لەهەموو قۆناغەكانی خوێندندا.

هـ-لابردنی دیاردەی قبوڵ خاص.
و-گرنگیدان بەمێژوی گەلی كوردو خەباتی لەهەموو پارچەكانی كوردستاندا.

ز-بایەخدانی تەواو بەقوتابیانی هەڵكەوتوو و دابینكردنی ئەو یاساو رێسایانەی دەرگا لەبەردەم پێشكەوتنو گەشەسەندنو پەرەسەندنی زانیارییەكانیان والا دەكەنەوە.

٢٤. دامەزراندنی دەزگای كەرتی گشتی بۆ گواستنەوە.